# گلەیی بکە بە لای خوداوە*

بەرزان هەستیار
نیسان و مایسی2006
ئەڵمانیا/کۆلن
bhastiar@yahoo.de

ئێمە لە ئەهلی خرا پەکارانین ، ئازیزم
بڕۆ لە خودا بپرسە
شەڕی چ کۆنە قینێکت پێ ئەفرۆشێت و
ئۆباڵی چ تاوانێکی خستۆتە ئەستۆت !!
لێی بپرسە ، لە پای چیدا
کەسێکی بە باڵی هەڵاڵەوە ....
نارد بۆ شەڕی نێوان لەشکری وەحشیی ئاگر و
ئۆردووی کەللە ڕەقی ئاسن !!،
دڵنیام ، کەسەکەم ، دڵنیام
لە نێوان تۆ و سەرەنوێلکی بەشەردا ....
مەودایەك هەیە فراوان ...
هێندەی مەودای ئێمەو جوانیی ؛
لە نێوان تۆ و گوناهدا
زەمەنێك ڕاکشاوە ، درێژ ،
هێندەی دووریی ئیبلیس...
لە جۆگەلە شیرەکانی بەهەشت ،
بڕۆ لە خودا پرسیار کە ، ئازیزەکەم
چۆن بەو هەموو دڵناسکییەی خۆیەوە
کاسەی شەرابی تاڵی ئەو غەدرەی ....

**لەسەر لە پی دەستی خۆی بۆ ڕاگرتیت و**
**بە ئەدرێسیێکی ساختەوە ....**
**ڕەوانەی ئەو جەنگەڵستانە پڕ وەحشەتەی کردیت ؛**
**جەنگەڵستانێك ،**
**ڕۆحێکی جیا و**
**دڵێکی جیاتری ئەوێت بەرگەی بگرێت**
**چاوێکی جیا بۆ تەماشا ،**
**ڕۆحێکی جیاواز بۆ هەڵگرتنی...**
**پریاسکەی چرچ و لۆچی خەمەکان**

********

**شەقامێك نابینیتەوە لەم مەملەکەتەی ئێمەدا**
**ناوی " لێ خۆش بوون " بێت ،**
**لە ڕەنجاندنی دڵێکا .....**
**ئاوێنەی نزیکترین و میهرەبانترین ڕۆح...**
**ئەدەینە بەر تۆفانێك لە شەستە بەرد ،**
**لە تۆڵەی نیگایەکی ساردا ....**
**بینایی چاوەکان ، بە خەنجەری " ناحاڵیی بوون " ....**
**کۆڵەوار ئەکەین ،**
**قایل نابین چۆلەکەیەك ....**
**بەر لە مەلا بانگدان ،**
**بە عەتری جریوە ، بالیفەکانمان تەڕ بکات ،**
**بێ بەریی ئەکەین لە شەماڵی ڕەحمێك و**
**نەغمەکانی لێ ئەدزین ،**
**فێر نەبووین باوەشێنی خەمی ....**
**گەرمابردووی عاشقێك بکەین**
**مەعشوقەکەی لە وێستگەیەکی شەمەندەفەرا**
**بە ناچاریی ، جێ هێشتووە و**
**کورسی چۆڵی فارگۆنەکان....**
**بۆ تارمایی قامکەمانی ئەو ئەگەڕێت**
**تێگەشتیت ئێمە چین ، ئازیز !!**
**ئێمە لە زومرەی خودا نەناسین**
**بۆیە ئەویش دوور لە عەرشەکەی خۆی .....**
**باخە سووتاوەکانی دۆزەخمان پێ ئاو ئەدات و**
**پشکۆمان پێ بژار ئەکات ؛**

**بە کام تووڵە ڕێدا هاتوویت**
**هەوڵ بدە لە تەك گۆرانییەکا بگەڕێیتەوە ؛**
**بە دەم ڕێوە ،**
**دەوەنی درۆکانمان بشێلە و**
**کە چوویتەوە ،**
**با شتێکت لا نەمابێت .....**
**کارژۆڵەی یادێکی ئێمە**
**بەرداتەوە شینایی ئەندێشەکانت**

********

**لە ڕەحمی ئەژدیهایەکی بەدکارەوە....**
**کەوتووینەتە خوار ، ئێمە ،**
**فریشتە ڕێ بە ماڵمان نابات و**
**شەوانە ، شەیتانی خان و مان ، بە ڕوویەکی خۆشەوە**
**بەر لە خەوتن ماچمان ئەکات و**
**جێیەکمان بۆ ڕائەخات لە لۆکەی " نیفاق " ،**
**سپێدانیش ژوورەکانمان جمەی دێ ....**
**لە " دەجال "ی نوورانیی و**
**بە بانگ و سەڵای ئەوان ....**
**بۆ خەتم کردنی کتێبی پیرۆزی "ڕیا " و**
**نوێژی فیتنەبازیی و**
**زیکری خوێن ڕشتن ، هەڵ ئەستین**

*********

**تێئەگەیت ئێمە چین ، ئازیزم !**
**بێستانی ئاشووب ،**
**زەریای تاعوون ،**
**کێوی تەفرەدان ،**
**ئاسمانی " خەتا " ؛**
**تۆش ، بێستانی شەمامەی بۆنخۆشی وەفا ،**
**ئۆقیانووسی بەرینی ئاوەدانیی ،**
**لوتکەی سەر بە تەمی میهر ،**
**هەسارەی پرشنگداری بەرائەت**

*******

**ئەو ئەدرێسە فڕێ دەرە بەر پێی ....**
**ڕەشەبایەکی نەناس و**
**کە چوویتەوە هەر لە دەمی قاپییەکەوە بە خوا بڵێ :**
**گلەیی بێت ،**
**من چ بەردێکم گرتبوە ...**
**لقی بەرزی ئەرخەوانی حەوشەکەی تۆ ؟**
**کام دیواری کەعبەم کەچ کرد ؟**
**کەی وەك منداڵێکی بزێو**
**لە ناوەختا دەستم ناوە بە زەنگی دەرگاکەتا و**
**سەر لە خۆت و خەونەکانت بشێوێنم ؟**
**ئەدی ، لە تۆڵەی کوشتنی کام پێغەمبەرا ....**
**فڕێتدامە نێو مەیدانی جەنگێکەوە**
**کە گشت سەربازەکانی خۆتی تیا هەڵهاتبوون !!**
**مەیدانێك پڕ لە ئاڵای سپی.....**
**سەرکردەکانی سوپا زەبەلاحەکەت ؛**
**جەنگێك ،**
**هەموو گیانتی بە بەفری " دۆڕان " سپی کردووە ؛**
**گلەیی لەو بکە ئازیز ،**
**گلەیی لەو ................!!!!!!!!!**

***********************************

- **ناونیشانی ئەم شیعرە لە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی وەرگیراوە ، خۆی دێڕەکە بەم جۆرەیە : گلەیی دەکەم بە لای خوداوە .**